## بۆ گیانی پاکی (مەرزیە فەریقی) ... زەوەند عەبدوللا

سلاوی گەرمی دلی پڕ ئومیدی ئێمەت پێشکەش، هەڤالی پێشمەرگە. . . . . . . . . . .
زۆر جارە کە گوێم بە بیستنی ئەم سرووده ئەکەوی تێکەڵ ئەبم بەنغمەی دنگی و چرینی گۆرانیەکانی بە خەیالێکی پڕ بە جۆش پیاسەیەك بە نێو مێژووی ئەکەم سەیری تۆی (مەرزیە فەریقی) وەهەڤالانی پێشمەرگە ئەکەم هەر لە وێشەوە گوی لە سروود و گۆرانیەکانی ترت ئەگرم. هیچ کامێکتان نامرن ئێوە پارچەیەکی گەورەن لە دلی کوردستانە گەر بە جستەش لەگەلمان نەبن بەلام بەرووح لە گەڵ مانن. ئێوە جێگای افتیخار بوون بۆ ئێمەو میللە تەکەمان تۆ خاوەنی ئەم دەنگە میلۆدیا رەسەنەی کوردەواری بوویت کە گەلەکەمانت پی دەواەمەنتر ئەکرد کە ئێستا بەشێکن لە کلتووری هونەری کوردیمان کە هێشتا پێویست تر بوون بۆ هونەری کوردیمان بەلام بەداخەوە ئەم مەرگە ناوەختنیەی تۆ هەزاران شەش پەپوولەی گۆشەی باخەکەت بی بەش بوون لە سۆز و رەونەقی گوڵ. تۆ دایکێك بوویت بۆ منالْ لەگەڵ ئەو ئاوازە گۆرانیت ئە چڕی کە منالێك بۆی ئەژەنی. تۆی ژنە پێشمەرگە هەمیشە هاندەری دەنگی ئافرەتانی کورد بوویت هەر لە رێگای هوونەریشەوە دەنگی ئافرەتانیت بەرز ئەنرخاند. بەبی رەچاو کردنی تەسکی حزبایەتیەو ناوچەگەریەتی وبەبی جیاوازی لە نێوان ئەم و ئەو داخەباتی پێشمەرگایەتیت درێژە پیدا همیشە لە رێزی پێشەوە ب
وون بۆ خواستەکانی و مافەکانی گەلی کوردستان بەم دەنگە پڕ بە جۆش خرۆشەت گوێچکەی دووژمنانیت پی کەڕ ئەکرد وە دەستی رەشیانت بی خواست ئەکرد. ئەم دلە گەورەیەی تۆ هێشتا جێگای پارچە زەویەکی تریشی ئەگرد بەلام ئێسا لە رۆژهەلاتەوە تا رۆژئاوا لە باکوورە وە بۆ باشوور ماتەم و پرسە ئەگێرن بەلام تۆ خاوەنی ئەم مەرگە نیت کە لە بیر بچیت بەلکو تۆ نامریت بۆ هەمیشە لەگەل مانیت.
هەزاران سلاو لەگیانی بەرزەفرت بێت تۆ عاشق بەرامبەر کوردستان و ناسری رەزازی

زەوەند عەبدوللا